# ديموكراتيزەكردنی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست یان هەڵوەشاندنەوەی ئەزموونی ديموكراسی لە عێراق دا

## محەمەدی مشير

زۆربەی ڕووداوەكانی ئەم دواييەی گۆڕەپانی سياسی عێراق ئاماژە بەوە دەدەن كە خەريكە ئەو پرۆسە سياسييەی لە دوای هەڵبژاردنەكانی 2005/12/15 ەوە خرايە واری پراكتيزەكردن، سەرلەبەری هەڵبوەشێنرێتەوە و ئەو ئەزموونە ديموكراسييەی عێراقيش، كە هەنگاوی يەكەمی ئەمريكا بوو بەرەو ديموكراتيزەكردنی ناوچەكە، بكرێتە يەكەمين قۆچی قوربانی هەمان ئەو پرۆسەيە. ئەمە بەش بەحاڵی خۆی ئەوەمان دێنێتەوە ياد كە بەر لە ڕووخانی ڕژێمی ديكتاتۆری لە عێراقدا، بۆچوونێك هەبوو كە پێی وابوو: بەبێ بوونی سيستەمێكی سانتڕاڵ ناكرێ لە عێراقدا هيچ پرۆسەيەكی ديكەی سياسی سەربگرێت. ناوەڕۆكی ئەو بۆچوونە لەوێوە سەرچاوەی گرتبوو كە عێراق ولاتێكی فرە نەتەوە و فرە ئايين و فرە مەزهەبە و، لەوەتەی دامەزراندنيشييەوە تەواوی ماف و ئازادييەكانی تێدا پێشێلكراوە، بۆيە هەر پرۆژەيەكی لەو بابەتە ڕەنگە تەواوی پێكهاتە چەوساوەكانی عێراق سوورتر بكات لە سەر داواكارييە ڕەواكانيان، ئەمە لە لايەكيان ، لە لايەكی ديكەدا مەترسی ولاتانی ناوچەكە لە سەركەوتنی پرۆسەيەكی ديموكراسی لە ناوچەكەدا بەگشتی و، لە ولاتێكی دەوڵەمەند و ستراتيژی وەكو عێراقيش بەتايبەتی، گەورەترين هەڕەشە دێنێتە ئاراوە و سەرجەم ڕژێمە گشتگير و ديكتاتۆرييە عەرەبييەكانی ناوچەكە دەخاتە بەر مەترسی نەمان و جێلەقبوونەوە.

ڕەنگە ئەم دوو هۆكارە سەرەكييە، وێڕای زيانە مرۆيی و مادديیەكانی ئەمريكا لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا و فشاری شەقامی ئەمريكی لە سەر حكومەتەكەی بۆش، كاريگەرترين فاكتەربووبن بۆ چاوخشاندنەوەی ئەمريكا بە پرۆسەی ديموكراتيزەكردنی ناوچەكە و گۆڕينی پارسەنگی ناوەوەی هێزە سياسييەكانی سەر گۆڕەپانی سياسی عێراق بەمەبەستی هاوسەنگ كردنەوەی هاوكێشە سياسييەكانی ناوەوەی عێراق لە لايەك و ناوچەكەش بە گشتی. ئەمريكا بەپيادەكردنی پرۆژەكەی زۆربەی ولاتانی سوننە مەزهەبی عەرەبی ناوچەكەی خستە بەردەم مەترسی گەورەو گومان لەو پەيوەندييە دێرينەی بەرژەوەندە ئابووری و سياسييەكانيان بەيەكەوە گرێ دەدات، هەر بۆيە زۆربەيان كەوتنە هەڵەداوان و هەر زوو دوای ڕووخانی ڕژێمی ديكتاتۆری لەعێراق دەنگی ناڕەزايەتيان بەرزكردەوە، ئەگەرچی مانەوەی ڕژێمەكەی سەدام لە بەرژەوەندی ئەوانيشدا نەبوو، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەری سەرگرتنی ديموكراتيزەكردنی عێراق ئەو دێوەزمەيە بوو كە بە سەختی بەرۆكی گرتبوون، بەتايبەتيش كە چاوەڕوان دەكرا زۆرينەی شيعە لە عێراقدا دەسەلات بگرنە دەست.

ئەمڕۆكە نييە ئەمريكا لە سياسەتی دەرەوەيدا هەنگاوێك بنێ و لێی پەشيمان ببێتەوە، ئەگەرچی هەموو جارێكيش بە زيانی خۆی كۆتايی هاتبێت. ڤيەتنام و ئەفغانستان و دواتريش عێراق باشترين بەڵگەی بە بنبەست گەيشتنی سياسەتە دەرەكييەكانی ئەمريكان. سەبارەت بە پەشيمانبوونەوەشی لە ديموكراتيزەكردنی ناوچەی خۆرهەلاتی ناوەڕاست لە ڕێگەی عێراقەوە، هێماو ئاماژەكانی ئەم دواييەی جوڵەكانی ئەمريكا لە عێراقدا گەواهی ئەوە دەدەن كە ئەمريكا ئەمجارەشيان بەرامبەر بە فشاری نێودەوڵەتی و ولاتانی ناوچەكە و، دواتريش ناوخۆی ولاتەكەی، ئامادەيە لە دواين چركەكانی يارييەكەيدا كۆمەڵێك ياريزانی تازە بێنێتە ناو يارييەكە بەو ئومێدەی لەو ئاستەنگەی لە عێراقدا تێيكەوتووە ڕزگاری ببێ. ڕەنگە بەرچاوترين هەوڵەكانی ئەمريكا لەم بوارەدا لە چەكداركردنی عەشايیرەكانی سوننەكانی عێراق و بەرەی قاهيرە و فشار خستنە سەر حكومەتەكەی ماليكی و پاشخستن و پاشگەزبوونەوە لە جێبەجێكردنی ماددەی 140 ی دەستوور بەرجەستە دەبێ( كە ئەمڕۆكە لە هەموو كاتێك پتر دەنگۆی هەيە)، لە كاتێكدا فراكسيونە سياسييە سەرەكييەكانی ئەمڕۆكەی عێراق بە ئاشكرا و زياتر لە جارێك نيگەرانی قووڵی خۆيان بە ڕامبەر بەو هەوڵانەی ئەمريكا ڕاگەياندووە.

سەرگرتنی هەوڵەكانی ئەم دواييەی ئەمريكا سەبارەت بە گۆڕينی پارسەنگی نێوان هێزە سياسييەكانی عێراق لە ڕێگەی پتەوكردنی پێگەی سوننە لە لايەك و، بەرتەسكردنەوەی دەسەلاتی شيعە، كە لە بنەڕەتدا لە ڕێگەی پرۆسەيەكی ديموكراسييەوە هاتوونەتە سەركار لە لايەكەی تردا، قەبارەی ڕاستەقينەی ئەو هەڕەشەيە ڕوونتردەكەنەوە ، بەتايبەتيش كاتێ پياوێكی وەك(جێی گێرنەر)، يەكەمين حاكمی

مەدەنی لە عێراقی دوای سەدام،دەنگی بەرزدەبێتەوە و رایدەگەیەنێ کە: باشترین چارەسەر بۆ ئەمڕۆی سیاسی عێراق دابەشبوونیەتی بۆ سەر سێ هەرێمی فیدڕاڵی.ئەم گوتەیەی گێرنەر رەوانترین ئاماژەیە کە دۆخی سیاسی ئێستای عێراق وا خەریکە رۆژ لە دوای رۆژ دەرەنجامی سیاسەتە چەوتەکانی ئەمریکا ئاڵۆزتر دەبێ. کۆتایی ئەم دۆخەش هەرگیز وەك ئەوە نابێ کە ئەمریکا نەخشەی بۆ کێشاوە، بەڵکو بە بڕوای من بە لەبارچوونی ئەو ئەزموونە دیموکراسییە ساواییەی عێراق(وێڕای سەرجەم کەموکوڕییەکانی) تێکڕای ناوچەکە دووچاری ئاستەنگێکی سیاسی قووڵ و ئایندەیەکی نادیار و کارەساتاوی دەبێت کە خودی ئەمریکاش سەری لێدەرناکات!!